# ئاڵنگاری خەباتی کوردان لە تورکیە*

سیڤان سەعید
و: ڕێبوار ڕۆژهەڵات

## پوختە

لە ساڵی ٢٠١٣، پاش دوو ساڵ تەریک خستنەوەی ئۆجەلان و، ئاشکراکردنی دانیشتنە نهێنییەکانی ئۆسلۆ لەنێوان دەوڵەتی تورکیە و پەکەکەدا، دەوڵەتی تورکیە ڕەزامەندی دەربڕی، خولێکی نوێی دانیشتنەکان لەگەڵ بزووتنەوەی کورد دەست پێ بکاتەوە. بە هۆکاری کرانەوەی ئاشتییەکی سنوردار بە ڕوویاندا، بزووتنەوەی کورد چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی نەتەوەخوازیی فەرهەنگی ونەتەوەسازیی دەست پێکردەوە. بەڵام بەم حاڵەوە بەهاری کوردی زۆری نەخایاند. لەنەکاو دەوڵەت دانیشتنەکانی لەگەڵ ئۆجەلان کۆتایی پێ هێنا. گۆیا هەزاران ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان HDP لە ئۆپەراسیۆنێکی KCKدا دەستبەسەر کران. شەڕی چەکداریی دیسان لە شارەکاندا دەست پێکرایەوە. بەشێک لە شارەکان وێران بوون و، نزیکەی یەک ملیۆن خەڵکی مەدەنی ئاوارە بوون. ئەم وتارە دەیهەوێ تاوتوێی ئەم سیاسەتە نوێیە بکات: بۆچی پاش قەبوڵ کردنی ئەوەی کە شەڕی چەکداری کێشەی کورد قەت چارەسەر ناکا و، لەجیاتی ئەوەی کە پێوەندییەکان بەرەو چارەسەریی ئاشتییانە بچن، دەوڵەتی تورکیە گەڕایەوە مۆدێلی سیاسەتە شکستخواردووەکانی پێشووی؟ هەوڵ دەدەم زیاتری ڕوون بکەمەوە کە بۆچی بەرەنگاریی بزووتنەوەی کورد لەبەرانبەر پێداگریی دەوڵەتی تورکیە بۆ پەیوەست بوون بە پرۆسەی بەناو ئاشتی، سەخت و دژوارە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، ئەم وتارە پێوەندیی زۆر ئاڵۆز و هاوچەرخی نێوان دەوڵەتی تورکیە و بزووتنەوەی کورد شی دەکاتەوە.

## پێشەکی

لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەو بەڵێنییە بە کوردان درا کە شانبەشانی نەتەوەکانی دیکەی ناوچە، نەتەوەی کوردیش وڵاتی خۆی هەبێت.[١] بەڵام لەبەر چەند هۆکار ئەم ئارەزووە بوو بە بڵقی سەر ئاو و سەری نەگرت. بێ ئەوەی گوێ لە خەڵکی ئەو ناوچەیە بگیرێ کە لەوێ دەژیان و بەبێ ڕەزامەندی خۆیان، نیشتمانی کوردان بەسەر ویلایەتی تازە دامەزراودا دابەش کرا.[٢] لەو کاتەوە نەتەوەی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆی خەباتی دەست پێکردووە و بەرەنگاریی ئەم دەسەڵاتە بووەتەوە. بەم حاڵەشەوە، زۆربەی شۆڕشەکان سەرکوت کراون و چالاکان، زیندانی کراون یان لەسێدارە دراون یان کوژراون، یان ئەوەی کە زۆربەی تەمەنیان لە تەبعیدا بوون و دوور خراونەوە.[٣] جێی سەرنجە لە کاتی دامەزرانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ئاخروئۆخری دەیەی ١٩٧٠دا، خەباتی کوردان لە تورکیە چووە قۆناغێکی دیکەوە و شاهیدی شێوازێکی تارادەیەک سەرکەوتوو بووین.

سەرەڕای چەندین کۆسپ و لەمپەر لە سیستەمی سیاسیی تورکیە، لە دوو دەیە و نیوی ڕابردوودا لە تورکیە، بزووتنەوەی کورد بە ئاراستەی سیاسەتێکدا ڕۆیشتووە کە سیاسەتە سەرەکییەکانی تورکیەی بە سەرکەوتوویی دەهەڵمەتان گرتووە[٤] (سەرئێشەی بۆ ساز کردووە). ئەمە مانای ئەوەیە کە نەتەوەی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافە فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی، دەستی بە فێربوونی چۆنییەتی ئەم یارییە کردووە. هەروەک «واتس» ئاماژەی پێدەکات، ماڵی سیاسەتی کوردی لە ساڵی ١٩٩٠ لە سیستەمی تورکیەدا چێکرا. بۆ یەکەم جار لایەنێکی سیاسیی لایەنگری کوردان (پارتی کرێکاری گەل، HEP) توانی بەشێک لە نوێنەرانی خۆی بنێرێتە ئەنجومەنی باڵای نیشتمانیی تورکیە (TBMM) و وەکو نوێنەرایەتیی ئایدیۆلۆژییەک بە قازانجی کورد کاری کرد. لەو کاتەوە تەڤگەری کوردی بەرەبەرە گەشەی کرد و تا ڕادەیەک فێر بوون چۆن لەگەڵ سیستەمێکی فێڵاوی بێنە ڕەدایە و یاریی خۆیان بکەن.[٥]

لە هەڵبژاردنی گشتیی ساڵی ٢٠١١دا، سیاسەتمەدارانی کورد توانییان ٣٦ نوێنەری چالاک بنێرنە TBMM. سەرەرای ئەمە پرۆژەی «ئۆتۆنۆمیی دیمۆکراتیک» پێشنیار کرا و تەڤگەری کوردیی چالاکتر و ڕێکخراوتر کرد. هەربۆیە بزووتنەوەی کورد گەیشتە قۆناغێک کە توانی کاریگەریی بەسەر بەستێنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە هەبێت. کاراکتەری سەرەکیی و تەیاربووی تەڤگەری کوردان، ناوەندێکی تازە دامەزراوە کە ناوی «کۆما جڤاکێن کوردستان KCK»یە. لە ساڵی ٢٠١٥، HDP لە هەڵبژاردنی گشتیدا وەکو حیزبێکی نوێی لایەنگری کوردان بەشدار بوو و، توانی بەرژەوەندیی چەندین گرووپ و دەستەی جۆراوجۆر لە بەرنامەی کاریی خۆیدا بگونجێنێ.

لە مانگی جوندا، HDP، ٨٠ ئەندامی خۆی ناردە ئەنجومەنەکە و، وەکو سێیەمین حیزبی گەورە لە TBMMدا ناوبانگی دەرکرد و بۆ یەکەم جار بەربەستی ڕێژەی ١٠٪ دەنگی نیشتمانی شکاند. ئەم دەستکەوتە، کوردان و هێزە دیموکراتیکەکانی دیکەی هیوادار کردەوە. لەناکاو هەموو شتێک وەرسووڕا و دەوڵەتی داد و گەشەپێدان پشتی لە بڕیارنامەی ئاشتییانە کرد و سەرلەنوێ وەکو بابەتێکی ئەمنی و تیرۆریستی مامەڵەی لەگەڵ دۆزی کورد کردەوە. لە کاتی هەوڵی بێ‌ئاکامی کودەتا لە مانگی جولای ساڵی ٢٠١٦دا، دەوڵەت هەزاران چالاکی سیاسی و سەدان شارەدار و نوێنەرانی پەرلەمانی دەستەبەسەر کرد کە لەو نێوەدا هەر دوو هاوسەرۆکی پێشووی HDP، «دەمیرتاش و یۆکسیکداغ»یش دەستبەسەر کران. هێزەکانی تورکیە لە چەندین شاری کوردنشین هەڵیانکوتایە سەر خەڵک و یەکینەکانی پاراستنی سڤیل. زۆربەی شارەکان وێران و، نزیکەی یەک میلیۆن خەڵکی مەدەنی ئاوارە بوون. لە حاڵەتی نائاساییدا، دەوڵەت بۆ گۆڕینی یاسای تبنەڕەتیی، کە زیاتر مەبەستی گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی بوو، ڕاپرسییەکی بەڕێوە برد. هەموو ئەم ڕووداوانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕوویان دا و دیموکراسی تورکیە و تەڤگەری کوردی بردە ژێر پرسیار.

بە تاوتوێکردنی ئەم ڕووداوانە، هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی ئەم پرسیارەوە بۆم ڕوون بێتەوە، بۆچی نە دەوڵەت و نە تەڤگەری کوردی نەیانتوانی دەرەقەتی ئەم کێشانە بێن و دەروو و ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی درێژخایەنی دۆزی کورد لە تورکیە بدۆزنەوە. من گۆڕینی شێوازی خەباتی کوردان لە تورکیە لە ڕێگەی گۆڕینی شێوازی پەکەکە و دامەزرانی کەجەکە KCK دێنمە بەرباس. تیشک دەخەمە سەر لایەنی سەرەکیی گۆڕانکاریی و، لە ڕێگەی چەمکی «ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیک» و بەرەوپێش‌بردنی نەتەوەسازیی لەجیاتی ڕۆنانی «دەوڵەت- نەتەوە» لە ڕێگەی دامەزرانی HDP ەوە، مۆدێلی جێگرەوە بۆ خەباتی کوردان پێشکەش دەکەم. بەشی یەکەمی ئەم وتارە هەوڵ دەدات لە ڕوانگەی تیۆریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە، شەن‌وکەوی تەڤگەری کوردان بکات. بەشی دووهەم گۆڕانکاریی ئایدیۆلۆژیکیی بزووتنەوە لێک دەداتەوە کە لە ڕێگەی چەمکی نەتەوەسازیی و نەتەوەخوازیی فەرهەنگییەوە ئاشکرا بوو.[۶] لەمبارەوە کەجەکە و، داواکای بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی جێگرەوە تاوتوێ دەکرێ، وێڕای تیشک خستنە سەر پرۆژەی بزووتنەوەی کورد لە ڕێگەی چەمکی «ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیک»ەوە کە وەکو جێگرەوەی سیستەمی ئێستای تورکیە خۆی دەرخست. لە بەشی کۆتاییی ئەم وتارەدا هەوڵ دراوە وەڵامی پرسیاری سەرەکیی وتارەکە بدرێتەوە و لێکدانەوە و شەن‌وکەوی ڕووداوەکان و تاوتوێی هۆکارەکانی هەڵە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بکات کە پرۆسەی ئاشتی لەنێوان دەوڵەتی تورکیە و دۆزی کوردی پەک خست و کۆتایی پێهات.

## له چالاكیی سیاسییه‌وه تا چالاكیی كۆمه‌ڵایه‌تی

ده‌توانم بڵێم بزووتنه‌وه‌ی كوردان له توركیه به‌ته‌واوی سیاسی نییه و تاراده‌یه‌ك چه‌ند ڕه‌هه‌ندییه. ئه‌و ده‌ورگێڕ یان لایه‌نگره كوردانه‌ی ئێستا له گۆڕه‌پانی سیاسیی توركیه‌دان، وه‌كو HDP، كۆنگره‌ی دێمۆكراتیكی گه‌لان، HDK، حیزبی دیموكراتیكی هه‌رێمه‌كان، DTK كۆنگره‌ی كۆمه‌ڵگای دیموكراتیك به‌رهه‌می ئه‌م بزووتنه‌وه چه‌ند ڕه‌هه‌ندییه‌ن.[٧] هه‌روه‌ها – به پێی ئاگاداریی نزیك و چاوپێكه‌وتنه‌كانم له‌گه‌ڵ ده‌ورگێڕانی سه‌ره‌كیی ـ باسم له‌وه كردووه كه ئه‌م ئۆرگانانه و، هه‌روه‌ها چه‌ندین ناوه‌ندی دیكه، هه‌موویان به‌شێكی كه‌جه‌كه‌ن. هه‌ربۆیه به‌ڵگاندنی من ئه‌وه‌یه كه خه‌باتی كوردان له ڕێگه‌ی بزووتنه‌وه‌یه‌كی گه‌وره‌تره‌وه ئاشكرا ده‌بێت و ده‌توانین وه‌كو بزووتنه‌وه‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی سه‌یری بكه‌ین. بۆ ئه‌وه‌ی باشتر له‌و بابه‌ته تێبگه‌ین، به‌شێك له باس‌وخواسه تیۆرییه‌كان له مه‌ڕ جیاوازیی بزووتنه‌وه كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسییه‌كان ده‌كرێ به‌سوود بن.

«كاستێلز» پێی وایه له ڕووی تیۆرییه‌وه جیاوازییه‌كی تبنه‌ڕه‌تیی له‌نێوان بزووتنه‌وه‌یه‌كی سیاسی و بزووتنه‌وه‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تیدا هه‌یه. له كرده‌وه‌دا هه‌موو جارێ تێكه‌ڵاوی یه‌كتری ده‌بن، به‌ڵام له ڕووی تیۆرییه‌وه جیاوازییه بنه‌ڕه‌تییه‌كه‌یان سه‌باره‌ت به به‌هاكانی كۆمه‌ڵگا و گۆڕانكاریی شێوازه‌كه‌یان، به‌ها و نۆرمه‌كانن. بزووتنه‌وه سیاسییه‌كان ده‌وڵه‌ت ده‌كه‌نه ئامانج و، مه‌به‌ستیان ده‌ستێوه‌ردان و گۆڕینی ده‌سه‌ڵاتی ده‌وڵه‌ته. له‌م حاڵه‌ته‌دا كاریگه‌ریی له‌سه‌ر به‌ڕێوه‌بردنی وڵات و دامه‌زراوه‌كانی نێو ده‌وڵه‌ت ده‌كرێ ئامانجی سه‌ره‌كیی بزووتنه‌وه‌یه‌كی سیاسی بێت. هه‌ربۆیه ته‌نیا ده‌سه‌ڵاتی سیاسی و به‌شێك له پێكهاته و قه‌واره‌ی سیاسی ده‌گۆڕێت. بۆ وێنه ده‌كرێ ئاماژه به هه‌ڵبژاردنی ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا و گۆڕینی له كۆماریخوازانه‌وه بۆ دێموكراته‌كان یان به پێچه‌وانه بكه‌ین. «واڵ ستریت» و سیسته‌می ئابووریی سه‌رمایه‌داری هه‌روا له گۆڕێیه[٨]. به‌م حاڵه‌وه بزووتنه‌وه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان، به مه‌به‌ستی گۆڕینی به‌هاكانی كۆمه‌ڵگا، ڕێوشوێن و كرده‌وه‌ی به‌كۆمه‌ڵن. بزووتنه‌وه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان كاریگه‌ریی له‌سه‌ر چۆنیه‌تیی بیركردنه‌وه، ڕه‌وشت و قسه‌كردنی كه‌سه‌كان داده‌نێن. ئه‌مه له‌باره‌ی چۆنییه‌تی به‌رهه‌مهێنان یان سه‌رله‌نوێ به‌رهه‌مهێنانه‌وه‌ی چه‌مك و ده‌سته‌واژه نوێیه‌كان له لایه‌ن خه‌ڵكه‌وه یان لانیكه‌م سه‌رله‌نوێ پێناسه‌كردنه‌وه‌ی چه‌مكه‌كان و په‌ره‌پێدانی به‌ها جیاوازه‌كانه. له‌ئاكامدا خاڵی سه‌ره‌كیی، گۆڕانكاریی به‌ها كۆمه‌ڵایه‌تی و ڕوانگه‌كانی كۆمه‌ڵگایه. كه‌وایه پێوه‌ندیی دیالێكتیكی له‌نێوان بزووتنه‌وه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی و وه‌رچه‌رخان و گۆڕانكارییدا هه‌یه. ئه‌گه‌ر پرۆسه‌ی وه‌رچه‌رخان، گۆڕانكاریی و پاشان گۆڕینی شێوازه‌كانی به‌ها سه‌ری نه‌گرتبێ، هیچ بزووتنه‌وه‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تیمان نییه. هه‌روه‌ها گۆڕانكاریی كۆمه‌ڵگا به‌بێ چالاكیی به‌ربڵاو و به‌كۆمه‌ڵ ڕوو نادات كه به‌شێك له بزووتنه‌وه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانن.[٩] له لایه‌كی دیكه‌وه ئه‌و تیۆرییه كۆمه‌ڵایه‌تییانه هه‌ن كه بزووتنه‌وه‌كان له ده‌لاقه‌ی ده‌رفه‌تی سیاسی، تێگه‌یشتنی فه‌رهه‌نگی[١٠]، هه‌ڵبژاردنی ئه‌قڵانیی و ته‌یاركردنی به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانه‌وه تاوتوێ ده‌كه‌ن[١١]. شێوازێكی دیكه‌ی وه‌سفی بزووتنه‌وه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان ئه‌مه‌یه كه ئه‌وان كاروباری یه‌كپارچه‌ی سه‌خت و دژواریان هه‌یه، چونكه له ڕێكخراوی جۆراوجۆر پێكهاتوون و ئامانجی جۆراوجۆریان هه‌یه و ڕه‌چاوی تاكتیكی جۆراوجۆر ده‌كه‌ن. ئه‌م ڕێكخراوانه ده‌توانن «جارجاره له شه‌ڕی هه‌مه لایه‌نه له دژی یه‌كتره‌وه بگلێن»، چونكه بۆ سه‌رچاوه‌ی سنووردار و پشتیوانی ڕكابه‌رییان هه‌یه[١٢].

به گوێره‌ی كورته‌ی ئه‌م سێ به‌ڵگاندنه تیۆرییه، ئه‌گه‌رچی ئه‌ركی سه‌ره‌كیی

بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی گۆڕینی بەهاکانی کۆمەڵگایە، شوێنی گۆڕینی بەهاکانی کۆمەڵگای کوردستان کوێیە؟ بە پێی ئەم بەڵگاندنە ئەگەر پێمان وایە ئەم بزووتنەوەیە لەبری بزووتنەوەیەکی سیاسی، تایبەتییەکانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، کەوابوو دەبێ پرۆسەی گۆڕانکاریی بەهاکان و بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بەهاکان لە کۆمەڵگاکانی کوردستانیدا ببینین. ئاخۆ ئەم گۆڕانکارییانە ڕوویان داوە؟ ئەگەر ڕوویان داوە، هۆکارەکانی ئەم گۆڕانکارییانە چین؟ ئەگەر لە دەرەوە ڕا لە کەجەکە بڕوانین، وەڵامدانەوەی پرسیاری گۆڕانکاریی ڕەنگە ئەوەندە قووڵ نەبێت. ئەوەی ڕاستی بێ، وێڕای ئاوردانەوە لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی لە لایەک و، ئاوردانەوەیەکی قووڵ لە پەکەکە و کەجەکەی ئێستا، دەکرێ باس لەوە بکەین کە گۆڕانکاری تەنیا لە ئاکامی دەرفەتە دەرەکییەکانەوە نایەتە گۆڕێ. خاڵی سەرنجراکێش ئەمەیە، کەجەکە قەت ڕکابەریی تیۆرییە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکانی نەکردووە. چەمکەکانی تێگەیشتنی فەرهەنگی، هەڵبژاردنی ئەقڵانی و دەرفەتە سیاسییەکان لەبارەی کەجەکە ئاوریان وێ نەدرایەوە. لەبەرانبەردا بزووتنەوەی کوردی لە سەرەتا و، لە ماوەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیدا هەنگاوی بژاردەی دژە ئەقڵانیی هەڵێنابووەوە. هاوسەرۆکی کەجەکە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ناتوانین بە شێوەی زەینی و مەنتقی سەرەکیی، لە کەجەکە بگەین. لەبەر ئەوەی کەجەکە بۆخۆی بە پێی بنەمای مەنتقی و مێنتالیتەی ڕەوتی سەرەکیی دانەمەزراوە[13]. هەربۆیە ئەگەر بمانهەوێ لە دەروەی تیۆرییە سەرەکییەکانی کۆمەڵایەتییەوە هەڵیسەنگێنین، تێگەیشتن لە کەجەکە زۆر سەخت و دژوار دەبێ.

بە گشتی پەکەکە بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی کێشەی کوردان، خەباتی کردووە. پەکەکە باسی لەوە کردووە کە هاوکاریی دوژمن لەنێو کورداندا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. هەربۆیە سەرەتا لە ڕێگەی هێرش کردنە سەر ئاغا، دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکان لە کوردستان، هێرشی بۆ سەر شێوازی بیر کردنەوەی کوردان دەستپێکرد. پاشان هەڵمەتی بردە سەر دەوڵەت و سیستەمی تورکیە. سەرەڕای ئایدئۆلۆژیی مارکسیستی و سۆسیالیستیی پەکەکە، چەمکی کوردی و خەبات بۆ کورد و کوردستان لە ئەولەییەتی بەرنامەی پەکەکەدا بوو. هەربۆیە لە ڕووی ئایدئۆلۆژییەوە، تێگەیشتنی کوردانەی لە سۆسیالیزم هەبوو و، ئامانجە سەرەکییەکەشی دامەزراندنی وڵاتێکی سۆسیالیستیی سەربەخۆی کوردی بوو[14]. ئەم هەنگاوە بچووکانە لە لایەن پەکەکەوە سەبارەت بە بازدان بەسەر سنوورەکانی بەهاداری درێژخایەن لە کۆمەڵگادا و، بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک بەهای کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ لەنێو کورداندا بوو. هەنگاوێکی گرینگ، گۆڕینی ئامانجی دامەزرانی وڵاتێکی کوردی بۆ بنیاتنانی نەتەوەیەکی دێموکراتیکی کوردییە. بۆچی پەکەکە ئایدئۆلۆژی و ئامانجی سەرەکیی خۆی گۆڕیوە؟ وەکو بەشێک لە گۆڕانکاریی پارادایمدا، پەکەکە بیری کۆنفێدرالیزمی دێموکراتیکی بۆ کوردانی ئەو بەشە وێڕای گەلی کورد و وڵاتی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێشنیار کرد. بە پێی ئەم بەڵگانە گۆڕانکاری ڕووی داوە. هەروەکو "ئاق قایا» پێشنیاری کرد، «لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، دەوڵەتی تورکیە بەرەورووی شۆڕشێکی هاندراو لە لایەن پەکەکەوە بووەتەوە، کە یەکێک لە گرینگترین تەڤگەرە سیاسییەکانی خەباتی سیکۆلار لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و، «ئەمەش بە هیچ شێوەیەک ناکرێ بەهەند نەگیرێت و پشتگوێ بخرێت.»[15]

بە پێی بۆچوونەکانی ئۆجەلان، بەهۆی دەستپێکردنی خەباتی پەکەکەوە، سیاسەتی دەوڵەتی تورکیە بۆ ئاسیمیلاسیۆن و بەتورک کردن تارادەیەک پێشی پێگیرا. بەو مانایە

که «کوردان لەبەر کۆمەڵکوژیی فەرهەنگی و کوشتنی بەکۆمەڵ وەجاخیان کوێر نەبووەتەوە.»[۱۶] ئەوەی راستی بێ، خەباتی پەکەکە دژی دەوڵەتی تورکیە «گەورەترین کێشە و سەرهێشەی دەوڵەتی تورکیە لە سەدەی بیستەمدا بووە»[۱۷] و هەڵبەت تا ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە. هەربۆیە گۆڕینی سیاسەت لەبارەی خەبات، بووەتە هۆی دروست بوونی سیستەمێکی نوێ: «سیستەمی کەجەکە گۆڕانکاریی لە بەهاکانی کۆمەڵگای کوردی و کوردستاندا پێکهێناوە.»

## سیستەمی کەجەکە: دیاردەیەکی نوێ لە خەباتی کورداندا

هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەتوانم بڵێم HDP و DTK دوو کاراکتەری سەرەکیی سیستەمی کەجەکە لە گۆڕەپانی ئێستای تورکیەدان. بۆ ئەوەی بەتەواوی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی کوردی و پرسی کێشەکان بگەین، دەبێ بزووتنەوە و چوارچێوەی کار و کردەوەکانی سەنگ وسوژن بدەین. شک و گومانی زۆر لەبارەی کەجەکە هەیە. ئەم شک و گومانە نە تەنیا لە لایەن دەوڵەتی تورکیە و سیاسەتمەدارانی ئەم وڵاتەوە، یان لە لایەن ئاکادیمیسیەن یان لێکۆڵەرانی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەستی پێدەکرێت، بەڵکو خودی چالاکانی سیاسیی کەجەکەش هەستیان پێکردووە. ئەمەش هۆکارەکەی، یەکلایینەبوونەوە و دژواریی ڕەوشی ڕێبەرایەتیی کەجەکە و عەبدوڵا ئۆجەلانە. بە شێوەیەکی بنەڕەتیی ئۆجەلان دەبێ بیر لە پێکهێنانی باسێکی ڕەخنەگرانە لەبارەی پرسی ڕەخنە لە چەمکی «دەوڵەتی نەتەوەیی» و خەبات بۆ وەدەستهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ بۆ کوردان بکاتەوە.[۱۸] کەوابوو بیری دامەزرانی کەجەکە، سیستماتیک یان پشتئەستوور بە پێشکەوتنی تیۆرییەکی ڕوون و ئاشکرا نەبوو. ئۆجەلان وەکو سیستەمێکی بەربڵاو و جۆراوجۆر وەسفی کەجەکە دەکات کە دەتوانێ جێگرەوەی دەوڵەت بێت.[۱۹] پرۆژەی کەجەکە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و چارەسەریی دۆزی کورد هاوشێوەی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی نییە، کە پرۆژەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە و ناوەندگەرایانە بێت. ئەمە لەسەر بنەمای کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە، ناوچەیی و ناوەندگەرا نییە. هەربۆیە کەجەکە مۆدێلێکی دیکەی لەژێر ناونیشانی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک پێشنیار کرد کە ئامانجەکەی ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیکە.

لە ڕوانگەی کەجەکەوە «دەوڵەتی نەتەوەیی» بە شێوەیەکی سروشتی دیکتاتۆرییە.[۲۰] هەربۆیە چەمکی «ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیک» لە لایەن ئۆجەلانەوە وەکو جێگرەوەی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی پەرەی ئەستاندووە. سەرەڕای ئەمە دژوارییەک لەم پێشنیارەدا هەیە. لە لایەک، ئۆجەلان دەوڵەتی نەتەوەیی وەپشت گوێ داوە و، تیشک دەخاتە سەر کۆنفیدراسیۆنەکانی دیموکراتیک؛ لەلایەکی دیکەشەوە ویدەچێ چەمکی کوردی و خەبات بۆ کوردستانی ئازاد ڕوانگەیەکی وەها ڕوون لەبارەی زاڵبوون بەسەر چەمکی «دەوڵەتی نەتەوەیی» نەدات بەدەستەوە. ئامادەنەبوونی ئۆجەلان لە مەیدانی سیاسەتدا، لەبەر ۱۸ ساڵ زیندانی بوون لە «دوورگەی ئیمراڵی»دا، کاریگەریی لەسەر ڕێکخراوەکەی داناوە. بەم حاڵەشەوە کەسایەتی ناوبراو وەکو ڕێبەرێکی مەزنتر لە پارتێکی سیاسی ناوبانگی دەرکردووە و، بووتەوە ڕێبەری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، نەک هەر ڕێبەری حیزبی سیاسیی پێشووی خۆی، واتا پەکەکە.

کەجەکە لە ساڵی ۲۰۰۵ پاش دژواریی و پاشەکشەی ئیدئۆلۆژیکی لە خەباتی پەکەکەدا و، پاش شەش ساڵ زیندانی بوونی ئۆجەلان دامەزرا. لە ساڵی ۱۹۹۹ کاتێک ئۆجەلان دەستبەسەر کرا، ناوبراو لە برێارێکدا داوای لە گەریلا کرد کە لە خاکی تورکیە پاشەکشە بکەن و ئاگربەستی یەکلایەنە ڕابگەیەنن. هەربۆیە

پەکەکە لە کزی دا و چووە قۆناغی «شۆک و پاشەکشە».[٢١] بەم حاڵەشەوە پەکەکە هەروا تاقە حیزبێکە کە دەتوانێ نوێنەرایەتیی کوردانی تورکیە بکات. ئەمە بۆ پێشرەو و پێشەنگ کێشە و ئالنگارییەکی گەورە بوو کە لە قۆناغی چەقبەستوو خۆی دەرباز بکات و سەرلەنوێ ئۆرگانەکانی زیندوو بکاتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥ پەکەکە دووبارە دامەزرایەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە هەلومەرجێکی جیاواز و بە ئامانجێکی جیاواز. لەسەر ئەو باوەڕەم چەمکی ڕاستەقینەی گۆڕانکاریی و وەرچەرخان لە بزووتنەوەی کوردیدا دەتوانێ لە ڕەوتی سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی بزووتنەوەو، گواستنەوە لە پەکەکەوە بۆ کەجەکە بێت. لەبەر ئەوەی پەکەکە وەکو حیزبێکی سیاسی، سیاسەت و ڕوانگەی جیاواز و زۆر پێشکەوتووانەتری لەچاو حیزبە سیاسییەکانی دیکەی کورد هەبوو. بەم حاڵەشەوە کەجەکە بزووتنەوەیەکە کە کاری لەسەر «گۆڕینی بەهاکان»ی کۆمەڵگای کوردی کردووە.[٢٢] هەربۆیە دروست بوونی کەجەکە یەکەمین هەنگاوی ئاشکرای وەرچەرخان لە بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە. ئەمە هەر ئەو کارانەن کە کەجەکە لە ساڵی ٢٠٠٥ بەلاوە دەیانکات.

لە ڕووی مێژووییەوە، پەکەکە ناوێکی دیار و ناسراو بوو. ئێستا پەکەکە بەشێکی بچووکی کەجەکەیە. پەکەکە تەنیا ئەرکی ئایدئۆلۆژیکی لە سیستەمی کەجەکەدا هەیە و، وەکو چەترێک باڵ بەسەر هەموو لایەنە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بزووتنەوەدا دەکێشێ. بەو واتایە کەجەکە دەورگێڕی سەرەکیی یان پێشەنگی بزووتنەوەی کوردە، چونکە سەرجەم لایەنەکانی چالاکیی لەخۆ دەگرێت.[٢٣] ئەگەر ئەم بەڵگەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا کاری پێ نەکرێت، بە ئاشکرا لە بەشی باکوور و ناوچە کوردییەکان و گەل لە «فیدراسیۆنی ڕۆژئاوا و باکووری سووریەدا» کاری پێ دەکرێت. ئاشکرایە گەلی کورد لەژێر تەڤگەری جڤاکی دێموکراتیک(تەڤدەم)، پارتی یەکێتیی دیموکراتیک(PYD) و ئەو هێزانەی بە ناوی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) و یەکینەکانی پاراستنی ژنان (YPJ) و هێزەکانی سووریای دێموکراتیک (SDF) ناساراون، بە باشی ڕێکخراون و لە مەیدانی ئێستای سوریەدا دژی دەوڵەتی ئیسلامیی، دەوڵەتی تورکیە و چەندین گرووپی لایەنگری تورکیە لە سوریەدا خەبات دەکەن.

سەرەڕای تەواوی گیروگرفتەکان و نائاسایی بوونی؛ بۆ وێنە بەڕێوەبردنی سیستەمی کەجەکە لە ناوچە کوردییەکانی تورکیە و سوریەدا زۆر ئاشکرایە. بە پێی لێدوانی چەند ئەندامی پلەباڵای کەجەکە لە چاوپێکەوتنی ئەم دواییانەدا، کەجەکە ئێستا هەزار ڕێکخراوی بچووک، مامناوەند و گەورەی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و، لە تاراوگەدا هەیە. هەربۆیە کەجەکە، ئێستا ناوەندی سەرەکیی چالاکییەکانی گەلی کوردستانە. دەکرێ پەکەکەی ئێستا وەکو ناوەندێکی ئایدئۆلۆژیکیی نێو تەواوی ئۆرگانەکانی سیستەمی کەجەکە وەسف بکەین. هەروەکو بەرێ ئاماژەم پێکرد، سەرەڕای حاشالێکردنیان لەبەر هۆکاری بابەتی یاسایی لە تورکیە، ئەکتەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەکو HDK, HDP, DTK, DBP هەموویان لەژێر باڵ و چەتری کەجەکەدان. کەوابوو دەتوانم بڵێم کەجەکە دیاردەیەکی نوێی خەباتی کوردانە. یەکێک لە گۆڕانکارییە سەرەکییەکان، چەمکی دروست کردنی نەتەوەیەکی دێموکراتیک لەجیاتی بانگەشەی خەبات بۆ داوا نەریتییەکانی کوردان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەییە.

## لە دەوڵەتی نەتەوەییەوە بەرەو نەتەوەسازیی

نە تەنیا گەلی کورد، تەنانەت بۆ هەموو ڕێبەرانی پەکەکە و بەتایبەت بۆ ئۆجەلان بڕیارێکی سەخت و دژوار بوو کە چەمکی دەوڵەتی

نەتەوەیی وەلابنێن. ئۆجەلان باس لەوە دەکات لەبەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەم بابەتە خولیای کوردان بووە، کارێکی ئاسان نەبوو و، هەموو هیوا و ئاواتەکانی داهاتوو گرێدراوی بیری هەبوونی دەوڵەتێکی کوردی بوو.[۲۴] بەپێچەوانەی هەموو حیزبە سیاسییەکانی پێشووی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، لە قۆناغی یەکەمدا، پەکەکە بیری لە دامەزرانی «دەوڵەتی کوردستانی سۆسیالیستی سەربەخۆی ئازاد» کردەوە. کاتێک پەکەکە پێشنیاری وەلانانی دەوڵەتی نەتەوەیی(دەوڵەت-نەتەوە) دا، بۆ جارێکی دیکە جیاوازیی لەگەڵ حیزبەکانی پێشوو هەبوو. بڕیاری گۆڕین و وەرچەرخانی ئایدئۆلۆژیکیی لە کوردستانی سەربەخۆوە بۆ بیرۆکەی نەتەوەی دیموکراتیک لە چەمکی گۆڕینی ڕوانگەی ئایدئۆلۆژیکیی سیاسەتمەدارانی پەکەکەوە سەرچاوەی گرت.
لە ماوەی زیندانداا، ئۆجەلان دەرفەتی باشی بیرکردنەوە و گۆڕینی شێوازی سیاسەت و ئایدئۆلۆژیی بزووتنەوەکەی هەبوو. ئۆجەلان باسی لەوە کردووە کە "بە لەبەر چاوگرتنی بار و دۆخی ئێستا»[۲۵] چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی سەبارەت بە کورد و کوردستان دەبێ وەلابنرێت. من لەسەر ئەو باوەڕەم تەڤگەری کوردی بەتەواوی بیرۆکەی دەوڵەت و کوردستانی گەورە ڕەت ناکاتەوە. لە ڕەفتارەکانی کەجەکەوە دەتوانین بەئاسانی لە چەمکی نەتەوەی ئازاد و سەربەخۆ و دروست کردنی وڵاتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ بۆ گەلی کوردستان بگەین کە هێشتا لە بەرنامەی کارکردنیاندایە. سەرەڕای ئەمەش، لە ویژمان(دیسکۆرس)ی ئێستای کەجەکەدا، لە ڕێگەی پرۆژەی کوردستانی ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیکەوە ئاشکرا دەبێت. کەجەکە نایهەوێ هەرەشە لە سەروەریی ئەو وڵاتانە بکات کە کوردستان تێیاندا هەڵکەوتووە. خاڵی سەرەکیی لێرەدا ئەمەیە کە بۆچی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی وەلانرا، «لانیکەم بۆ ئێستا» هەروەکو ئۆجەلان لەسەر ئەو باوەڕەیە. بۆچی ویژمانی نەتەوەکان و کۆمەڵگای ئازاد، ئۆتۆنۆمی و دیموکراتیک لە بەرنامەی کاریياندا بوو؟ بەپێی بۆچوونەکانی ئۆجەلان، پەکەکە بەرهەمی قۆناغی نکۆڵی و حاشالێکردنی کوردان بوو و، ئایدئۆلۆژییەکەی بە گشتی لەژێر کاریگەریی ئایدئۆلۆژی نەریتیی «مارکسیست ـ لینینیست»دا بوو. هەربۆیە ئەوکات، بەرەوپێشچوون و لێکدانەوەی زیاتر لەبارەی پەرە ئەستاندنی ویژمان لە ڕێگەی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی‌یەوە لەگۆڕێدا نەبوو. هەربۆیە پەکەکە تەنیا «جووڵانەوەیەکی سیاسی، پراکتیکی» بوو.[۲۶] چەمکی «جووڵانەوەی سیاسی» لەبەرانبەر «جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی»دا[۲۷] و چەمکی وەرچەرخان و گۆڕانکاریی ڕێکخراوەیی[۲۸] دەکرێ چەقی باس‌وخواسی ئەم بوارە بێت. بەواتایەکی دیکە لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە، دەکرێ وەرچەرخان لە پەکەکەوە وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆ ناوەندێکی بەرین و بەربڵاوتر لێک بدرێتەوە کە پێی دەگوترێ کەجەکە. چەمکی گۆڕینی بەهاکانی کۆمەڵگا وەکو ئەرکی سەرەکیی جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی[۲۹] ناتوانێ لە ڕێی پەکەکەوە وەکو حیزبێکی سیاسی پراکتیکی ئەنجام بدرێت. بە بڕوای ئۆجەلان بەربەرەکانی لەگەڵ شێرپەنجەی «کێشە و ئالنگاری کوردان» بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەربڵاو بۆ گۆڕینی چارەنووسی گەل و دەربازبوون لە کۆیلەیەتی درێژخایەن پێویستە.[۳۰] سەرەڕای ئەمە، ئەرکی پەکەکە بەرەنگاریی ڕاستییەکی زۆر گرینگ بوو کە بووە هۆی ئەوەی گەلی کورد لەژێر سیاسەتی یەکچەشکردنن، بەتورک کردن و ئاسیمیلاسیۆنی دەوڵەتی تورکیە لە سەدەی بیستەمدا لەنێو بچێت. بە بڕوای ئۆجەلان، مانەوەی چەمکی کوردی بوون و هەبوونی کورد و کوردستان لانیکەم لە تورکیە، ئاکامی خەبات و شۆڕشی پەکەکەیە.
هەربۆیە لە ڕەوتی وەرچەرخانی بزووتنەوەی کوردان لە تورکیەدا، بەبیر و بۆچوونی من؛

وەرچەرخان لە خەباتێکی تاک ڕەهەندییەوە بۆ خەباتێکی چەند ڕەهەندی لە ساڵی ١٩٩٣ وە دەستپێکرا و، پاشان بە دامەزرانی کەجەکە ئاشکرا بوو. ئەمەش بەو مانایەیە، پەکەکە وەکو ناوەندێکی بەرین و بەربلاوتر پەرەی ئەستاندووە و چەند ڕەهەندییەک بەناوی کەجەکە بووەتە جێگرەوەی، بابەتێک کە زۆربەی لێکۆڵەران لێی تێناگەن. ئەوان پێیان وانییە ئەم بزووتنەوەیە بتوانێ تا ئەو ڕادەیە ئامادە بێت بۆگۆڕانکاریی ڕادیکاڵ لەخۆیدا. بڕواو وایە لە ڕووی تیۆرییەوە، پاشەکشە لە دەوڵەت و تیشک خستنە سەر نەتەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بەپێچەوانەی پەکەکەی پێشوو، کەجەکە دەتوانێ بەرنامە سیاسییەکانی خۆی بە گوێرەی هەڵبژاردنی ئەقڵانی و دەرفەتە سیاسییەکان داڕێژێتەوە.[٣١] نموونەی بەڕێوەبردنی پێوەندییەکانی کەجەکە لە ڕێی دەورگێڕانی لە سووریە وەکو TEV-DEM و PYD لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیە لە مەیدانی سیاسیی ڕۆژئاوا و باکووری سوریەدا سەلمێنەری ئەم بیرۆکەیەن. سەرەڕای ئەمە، چەمک گەلی نەتەوەی دێموکراتیک، دێموکراسیی ڕادیکاڵ، ئۆتۆنۆمی و لامەرکەزی کلیلی ئەم پارادیمە نوێیەی کەجەکەن. ئەمە جێگرەوەی مۆدێلی ئێستایە و ئامانجی پێکهاتەشکێنیی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی‌یە.

## مۆدێلێکی جێگرەوە: ئۆتۆنۆمیی دێموکراتیک

پرۆژەی ئۆتۆنۆمیی دێموکراتیک لە تورکیە و بەتایبەت لە ناوچە کوردییەکان لە مانگی جولای ساڵی ٢٠١١ لەلایەن DTK و BDP وەکو دوو ناوەندی سەرەکیی نوێنەرایەتی کەجەکە لە تورکیە ڕاگەیەندرا. بە واتایەکی دیکە ئەم پرۆژەیە لە لایەن کەجەکە و، لە ڕێی چالاکانی «ئەنجومەنی تورکیە»وە پێشنیار کراوە کە دەرفەتیان بۆ کاری یاسایی لە سنوورەکانی تورکیەدا هەیە. دەکرێ وەکو جێگرەوەی دەوڵەت سەیری ئەم پرۆژەیە بکرێ. بە واتایەکی دیکە، ئەم ئایدئۆلۆژییەی کەجەکە نیشانەی وەلانانی دەوڵەتی نەتەوەییە. سەرەڕای ئەمە، ئەم پرۆژەیە بە جۆرێک پێشکەش کراوە کە ڕاستەوخۆ دەوڵەت وەلانانێ و هەموو لایەک دڵنیا دەکاتەوە ئەم پرۆژەیە نایهەوێ دەستکاریی سنووری ئەو وڵاتانە بکات کە کوردی تێدا دەژی. هەربۆیە لە ڕووی تیۆرییەوە ئەم پرۆژەیە هێندێک دژواری یان سنووردداربوونی هەیە، چ بگات بە لایەنی کردەیی و دەرهاویشتەکانی مۆدێلێکی وەها لە تورکیە یان کۆمەڵگا فرە نەتەوە، ئایین و کلتوورییەکان لە کوردستان و تەواوی تورکیەدا هەن.

به پێی وێژمانی فەرمی DTK و HDP ئەم پرۆژەیە تەنیا بۆ کوردان نەبوو. دەیانویست گشتگیری بکەن و وەکو پرۆژەیەک بیخەنە ڕوو و لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت. ببێتە هۆی گۆڕینی یاسای بنەڕەتیی نادێموکراتیک و بکرێت بە یاسایەکی دێموکراتیک و کراوەتر. بەم حاڵەشەوە لێکدانەوەی ئەم وێژمانە گیروگرفتی زۆری هەیە. سەرەکیترین باس‌وخواسی ئەم بابەتە لە چوارچێوەی هزر و ئەندێشەدایە، چ بگات بە ڕێگرییەکانی بەڕێوەبردنەوە. دڵنیانەبوونی چوارچێوە و دەسەڵاتی کەجەکە و هێژمۆنییەکەی لەسەر گەلی کورد و دەورگێڕانی سیاسی لە تورکیە گرفتێکی دیکەیە کە چەمکی ئۆتۆنۆمیی دێموکراتیک دەباتە ژێر پرسیارەوە.[٣٢] سەرەڕای گوشاری حکومەت و دەوڵەت لەسەر چالاکان، بەتایبەت دەستبەسەرکرانی ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی کورد و لایەنگری کورد بە ناوی «ئۆپەراسیۆنی کەجەکە»وە، ئەم پرۆژەیە دیسان بزووتنەوەکەی چالاک کردەوە و چالاکانی هیوادار کردەوە.

بابەتی سەرەکیی ئەم بەستێنە ڕوانگەی ناڕوونی سیاسەتمەدارانی کەجەکە بەرانبەر چەمکی «ئۆتۆنۆمیی دێمۆکراتیک»ە. کەس ناتوانێ زۆر دڵنیا بێ کەجەکە چی لە

«ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیک» دەوێ و مەبەستی چییە: ئاگاداریی لامەرکەزیی حوکمڕانی لە تورکیە یان دامەزرانی کوردستانی دیموکراتیک و ئۆتۆنۆمی بەو شێوەیەی لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە. سەرەڕای ئەمە دەوڵەتی تورکیەش لەم بارودۆخە نەگەیشت. بۆیە دەستبەجێ پاش ڕاگەیاندنی «کوردستانی ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیک» لە دیاربەکر لە مانگی جوولای ساڵی ٢٠١١، دەوڵەتی تورکیە ئۆپەراسیۆنی خۆی بۆ گرتنی ئەندامانی کەجەکە لە سەرانسەری تورکیە چڕتر کردەوە. ئەم ولاتە وتووێژەکانی لەگەڵ کەجەکە و هەموو دانیشتنەکانی لەگەڵ ئۆجەلان لە ئیمراڵی هەڵپەسارد. ئەم دۆخە تا هەنووکەش درێژەی هەیە. بەو مانایە کە پرۆسەی ئاشتی نێوان دەوڵەت و کەجەکە جارێکی دیکە کەوتەوە سەر ڕێیەکی بنبەست.

پاش کودەتا شکستخواردووەکەی مانگی جولای ساڵی ٢٠١٦، نزیکەی ٢٨ شارەوانیی DBP کەوتنە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتەوە. ئەندامانی پلەباڵای DBP وەکو ڕێبەرانیان کەوتنە زیندانەوە. لە لایەکی دیکەوە، ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە قەندیل و ئەو ناوچانەی گەریلای لێبوو، زیادی کرد. شارەکانی جزیرە، نوسەیبین، شێرناخ و سور بە توندی لە لایەن ئەرتەش و پۆلیسەوە هێرشیان کرایە سەر. کەجەکە بەڵێنی دا بە هەموو تەکنیک و توانا و دەسەلاتییەوە تۆڵەی خۆی بکاتەوە و هێرشەکانی خۆی بۆ سەر بنکەکانی ئەرتەش لە تورکیە زیاد بکات. پێم وایە ئەم گوشار خستنەسەرە لە ئەنجامی کاردانەوەی دەوڵەت بە ڕاگەیاندنی پرۆژەی «ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیک»ی تاک لایەنە لە لایەن کەجەکەوە لە ساڵی ٢٠١١ و بۆ دووهەمین جار پاش دووهەم هەڵبژاردنی گشتیی لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٥دایە. پاش باس‌وخواس و گفتوگۆی درێژخایەن لەگەڵ چەندین ئەندامی پلەباڵای کەجەکە، هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە هێنانەگۆڕی ئەم پرۆژەیە بووە هۆی توورەبوونی دەوڵەت و توندوتیژیی لێکەوتەوە. لە لایەکی دیکەوە، شوێندانەریی پرۆژەکە دەوڵەتی ناچار کرد بیر لە وتووێژ بکاتەوە.[٣٣] لەوپەڕی سەرسووڕماندا، لە ساڵی ٢٠١٣ دەوڵەت لەنەکاو خولێکی نوێی وتووێژەکانی لەگەڵ کەجەکە دەستپێکردەوە. بۆ یەکەم جار پاش تیرۆری سێ چالاکی کورد لە پاریس لە مانگی جانۆڤیری ساڵی ٢٠١٣ پرۆسەیەک کە پێشتر قەت وەکو پرۆسەی ئاشتی ناوی نەهێنراوبوو، شاندی HDP بۆ چاوپێکەوتنی ئۆجەلان چوونە ئیمراڵی. هەربۆیە بەرواڵەت «پرۆسەی ئاشتی» دووبارە دەستپێکرایەوە. لە ئاکامی گۆڕینی ستراتیژی و تاکتیکەکان لە لایەن کەجەکەوە، دەوڵەت ناچار بوو بە بۆچوونەکانیدا بچێتەوە و کاری نوێ بکات. ئەمە بەو مانایەیە کە پرۆژەی «ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیک» کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری دەوڵەت لەم ساڵانەی دوایی هەبووە. بەم حاڵەوە جارێکی دیکە کاری پرۆسەکەیان بەهەڵەدا برد و دەوڵەت گەڕایەوە سیاسەتی پێشووی و، وەکو شێوازێکی تاکتیکی لە کۆی پرۆسەکەی ڕوانی و قەت دۆزی کوردانی لە تورکیە بە بنەما نەگرت.

## لە چ شتێکدا هەڵەیان کرد؟

لە ئێوارەی ٧ی جونی ساڵی ٢٠١٥دا، HDP سەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراوی وەدەست هێنا و نزیکەی ١٣٪ دەنگی هەموو تورکیە و نزیکەی ٧٠٪ دەنگی ناوچە کوردییەکانی وەدەست هێنا.[٣٤] لەگەڵ سەرکەوتنی دەنگدەرانی HDP و بزووتنەوەی کوردی، نیشانەی شکستی ئەردۆغان بۆ گۆڕینی ئارام و بەکاوەخۆی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی بوو. ڕووداوی سەرەکیی پلانی بەرپرسانی تورکیەی بۆ بیرکردنەوەیەکی جیددی و سزادانی HDP و دەنگدەران گۆڕی. لە کاتی ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و لەنێو شادی و خۆشحاڵیی ئەندامانی HDP

دا، ترس و نیگەرانیم بە ڕوخساری بەشێک لە ئەندامانی باڵا و لەمێژینەی بزووتنەوەی کوردەوە دیت. لە ماوەی ململانێی هەڵبژاردندا، ئەردۆغان بە ئاشکرا خوازیاری ٤٠٠ کورسیی TBMM بوو تا بتوانێ یاسای بنەڕەتیی بە قازانجی خۆی بگۆڕێ. بۆ ئەم مەبەستە ئەردۆغان هەوڵی دا سەردانی شارە کوردییەکان بکا و، نوسخەی زمانی کوردیی قورئان وەربگرێ و چەمکی برایەتی ئیسلامیی لەنێو کورد و تورکاندا زەق بکاتەوە، بۆ ئەوەی دەنگی کوردان وەدەست بهێنێ. سەرەڕای ئەمە، لەبەر چالاکیی هەرەوەزیی بزووتنەوەی کوردان و بەرنامەی سەرنجڕاکێشی هەڵبژاردنی HDP، پلانی ئەردۆغان لە ناوچە کوردییەکان سەرکەوتوو نەبوو.

بەرواڵەت نە ئەردۆغان و نە پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) و HDP چاوەڕوانی ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبوو. سەرەڕای ئەمە، وێژمانی نوێی HDP و هەروەها بەرژەوەندیی گرووپە جیاوازەکانی نێو تورکیە، ڕێگەی بە HDP دا نەتەنیا لە ناوچە کوردییەکان، بەڵکو لە ناوچە جیاوازەکانی تورکیە دەنگی خۆی زیاد بکات. بەم حاڵەوە من لەسەر ئەو باوەڕەم HDP لە ڕێگەی ناساندنی وێژمانی «مرۆڤی مەزن» و بەتایبەتی کەڵک وەرگرتنی ڕاستەوخۆی دروشمی ناسراوی دەمیرتاش دژی ئەردۆغان کە (ڕێگە بە تۆ نادەین ببی بە سەرۆک کۆمار)، هەم ئەردۆغان و هەم سیستەمی تورکیەی زۆر تووڕە کرد.[٣٥] ئەم وێژمانە بۆ هێرش کردنە سەر غووری ئەردۆغان لەقەڵەم درا و لەو کاتەوە ئەردۆغان بەڵێنی داوە ئەگەر بتوانێ، تۆڵەی خۆی بکاتەوە. شکاندنی ڕێگریی ١٠٪ ی HDP لە هەڵبژاردندا بۆ پارتی داد و گەشەپێدان و ئەردۆغان چاوەڕواننەکراو بوو. ئەمە دڵنیاییەکی گەورەی دا بە ڕێبەرانی HDP و خەڵکی کورد، چونکە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سەردەمی کوشتوکوشتاری دەوڵەتی تورکیە کۆتایی پێ هاتووە و HDP دەتوانێ پادشاسازی TBMM بێت.[٣٦] بێگومان ئەمە گەورەترین لێک تێنەگەیشتنی ڕێبەرانی HDP لە سروشتی دەوڵەتی زاڵم و ستەمکار بوو. لەبەر چەند هۆکار خەباتی HDP بە وریایی پێویست لەبەرچاو نەگیرا. HDP و بزووتنەوەی کوردی بەتەواوی چوارچێوەی دەسەڵات و ستراتێژیی دەوڵەت و بەتایبەت زێدەخوازیی ئەردۆغانیان نەخوێندبووەوە. بارودۆخی دەیەی ١٩٨٠، کاتێک هەزاران چالاکی کورد زیندانی و ئەشکەنجە دران و دەیەی ١٩٩٠ کاتێک هەزاران گوند و شاری ناوچە کوردییەکان وێران و، نزیکەی ٣ میلیۆن کەس ئاوارە بوون و بۆ شارەکانی ڕۆژئاوای تورکیە کۆچیان کرد، دەکرێ یارمەتی بە تێگەیشتن لە بارودۆخی دەوڵەت لەبەرانبەر هەر گرووپێک بدات کە پێکهاتەکەی دەهەڵمەتان دەگرێت. ئەم لێکتێنەگەیشتنەی دەوڵەت لە لایەن بزووتنەوەی کوردەوە، خاڵی سەرەکییە کە سیاسەتی هەڵەی گرتووەتە بەر.

بێشک شەڕ دژی بزووتنەوەی کورد، شەڕ دژی هەموو دێموکرات و ئازادیخوازان بوو. ئەندامی پلەباڵای کارگێریی DBP باسی لەوە کرد کە لە ماوەی کەمپەینی هەڵبژاردن لە ٧ی جونی ٢٠١٥دا، زیاتر لە ١٦٨ جار هێرش کراوەتە سەر ئەندام و نووسینگەکانی HDP. لە ماوەی کەمپەینی هەڵبژاردن لە ١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥دا، ١٩٠ جار هێرش کراوەتە سەریان.[٣٧] لە کاتی کودەتا شکشتخواردووەکەی ساڵی ٢٠١٦دا، زیاتر لە ٢٠٠٠٠ چالاکی کورد، کە زۆربەیان ئەندامی HDP و DBP بوون، دەستەبەسەر کران. لەنێو ئەم کەسانەدا هەر دوو هاوسەرۆکی پێشووی HDP، سەلاحەدین دێمیرتاش و فیگن یوکسیکداغ و ١٢ نوێنەری دیکەی TBMM، ٥٢ شارەدار و سەدان ئەندامی هەڵبژێردراوی دێموکراتیکی شارەوانییەکان کەوتنە زیندانەوە. ئەردۆغان بە ئاشکرا خوازیاری ورووژاندنی جەماوەریی (سەفەربەرلیک)، دژی هەموو ئەو

چالاکانە بوو کە بەتەواوی لە ڕووی ئیرادەوە خۆیان نادەن بەدەستەوە. پرسیاری سەرەکی لەم بوارەدا ئەمەیە، بۆچی ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیە شەڕیان دژی HDP و بزووتنەوەی کورد توندتر کرد؟ بۆچی HDP هەلومەرجی دەوڵەتی بەتەواوی لێک نەدایەوە و خۆی لە بەرەورووبوونەوەیەکی وەها بەدوور نەگرت؟ یان بە واتایەکی دیکە چ هەڵەیەک ڕووی دا و بۆچی؟

ئاشکرایە ویژمانی دەوڵەتی تورکیە بە پێی چەمکی تورکبوون و شوناسی نەتەوەخوازانە بنیات نراوە و ئامانجەکەی یەکیەتی هەموو گەلانی تورکیە لەژێر یەک شوناسدایە. دەوڵەت بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو، سەقامگیر و گوێلەمست، پرۆسەی یەکدەست کردن، پاکتاوکردن، بەتورک کردن و لەم دواییانەشدا بە ئیسلامیی کردنی بەڕێوە بردووە.[٣٨] ئاشکرایە HDP، پرۆژەی کەجەکە و ئۆجەلانە، بە ڕوونی و چالاکانە ئەم ویژمانەی دەهەڵمەتان گرتووە. ئەم ڕێکخراوە هەوڵ دەدات چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی لەنێو ببات و بەرەنگاری پرۆسەی یەکدەست کردنە ببێتەوە. هەربۆیە دەوڵەت و خەونی ئەردۆغان لەژێر هەڕەشەی بۆچوونەکانی کەجەکەدایە. ئەمە هەڕەشەیەکە بۆ بارودۆخی دەوڵەت لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا. هەروەها ئەمە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئەردۆغان و دەسەڵاتەکەیەتی. بۆیە دەوڵەت بە گوێرەی ئەم خاڵە جارێکی دیکە دژی بزووتنەوە و HDP شەڕی ڕاگەیاندووە. بە واتایەکی دیکە، پرۆژەی HDP لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت و دامەزراوەکەیەتی. HDP خوازیاری دوو خاڵە کە دەوڵەت ناچێتە ژێر باریان. خاڵی یەکەم ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیکە و ڕاستەوخۆ بە پێچەوانەی تێگەیشتنی نادیموکراتیکی ئێستا، بەڕێوەبردنی دەوڵەتە. خاڵی دووەم ناسینی هەموو گرووپە جیاوازەکانی ئەتنیکی، ئایینی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کە دژی چەمکی یەکپارچەسازیی دەسەڵاتی ناوەندگەرا و دەسەڵاتخوازیی ئانکارایە.

لەسەر ئەو باوەڕەم ئەگەر HDP سیاسەتی خۆی بگۆڕێ و بچێتە نێو بازنەیەکەوە کە دەوڵەت دەیهەوێ، کوشت و بڕ دژی HDP کەم دەبێتەوە. بە واتایەکی دیکە، دەوڵەت دەیهەوێ HDP بە هەمان شێوەی (پارتی بزووتنەوەی نەتەوەخوازی MHP) تەسلیم بێت یان لانیکەم HDP هەراسان بکات و ئازار بدات، هەر وەک ئەو کارەی کە بۆ (پارتی کۆماریخوازی گەل CHP) کردی. ئێستا HDP و DBP تاقە حیزبێکن بە جۆرێک دەوڵەتیان دەهەڵمەتان گرتووە و سەرئێشەیان بۆ ساز کردووە، بەشێوەیەک کە دژایەتی کۆڵەکەکانی ئەم دەوڵەتە بکەن. هەڵبەت چەندین هێزی دیکەش لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات هەن کە ئامانجیان کەمکردنەوەی هێژێمۆنیی ئەردۆغانە. بەهێزترینیان بزووتنەوەی ئیسلامگەرای ناسراو بە فەتحوڵڵا گولەنە کە دەسەڵاتێکی گەورەی لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا هەیە. هۆکارەکەشی شکستی کودتای مانگی جولای ساڵی ٢٠١٦ ی زایینی بوو. سەرەڕای ئەمە، HDP و DBP تاقە هێزی دیموکراتیکن کە دەتوانن هەڕەشە بن بۆ سەر دەوڵەت و ئەردۆغان، لەبەر ویژمانە سیاسییەکەیان لەبەرانبەر دەوڵەتی تورکیە و جەخت کردنە سەر چەمکی نەتەوە سازیی دیموکراتیک.[٣٩] هەربۆیە ئەم دەوڵەتە دەیهەوێ HDP بگەڕێنێتەوە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە و تەنیا وەکو حیزبێکی کوردی بیناسێنێ.[٤٠] بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەکرێ لە ویژمانی جۆراوجۆری HDPدا بەدوایدا بگەڕێین کە بە گشتی لە لایەن بەڕێوەبەرانی لاو، نوێ، تازەکار و تارادەیەک پرش‌وبڵاووە بەڕێوە دەچێت. بەپێچەوانەی ئەندامانی پلەباڵای کەجەکە، بەرەی نوێی بزووتنەوەی کورد ناتوانێ بەتەواوی لە سەختی و دژوارییەکانی دەیەی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ بگات. هەربۆیە سیاسەتی HDP لەبەرانبەر دەوڵەتدا بەئاشکرا بۆ ئەردۆغان سەلمێنراو و سەرئێشە بوو. سەرەڕای هەموو ئەمانەش

HDP باشترین و سەرکەوتووترین پرۆژەی بزووتنەوەی کورد لە ١٠٠ ساڵی ڕابردووە، تەنانەت گەیشتووەتە ڕۆژئاوای تورکیەش. بەم حاڵەوە ویژمانی سیاسی HDP و بەتایبەت وتار و لێدوانەکانی سەلاحەددین دەمیرتاش و ویژمانی «شەیتانپەرەستیی ئەردۆغان»[٤١] بوونە هۆکاری ئەوەی کە بەڕێوەبەرانی پلەباڵای بزووتنەوەی کورد لە دەرهاویشتەکانی دژکردەوەی دەوڵەت ترسیان ڕێ بنیشێت. ئەم بەڵگاندنە بەدروستی دژی بیر و بۆچوونی لێکۆڵەران و پسپۆڕان لەبارەی کێشەی کوردان و تورکیە. ئەوان پێیان وایە بەڕێوەبەرانی کەجەکە ڕێگە بە HDP نادەن سیاسەتێکی نەرمتر لەبەرانبەر دەوڵەتدا لە TBMMدا بگرنەبەر. بێشک لە ڕێی ناوەندە پێوەندیدارەکانەوە، کەجەکە کارەکانی HDP ی مەحکووم کرد. بەم حاڵەوە لەبەر ئۆتۆنۆمیی HDP لە تەواوی چوارچێوەی بزووتنەوەدا، ئەندامانی پلەباڵای کەجەکە تەنیا لە هەلومەرجێکدان کە دەتوانن پێشنیار و ڕاوێژ بدەنە بەڕێوەبەرانی ڕاستەقینەی HDP.[٤٢] وەکو دوایین تێبینی، من پێم وایە شەڕی ئەردۆغان دژی HDP تا کاتی لەنێوچوونی HDP هەر درێژەی دەبێ (ئەگەر دەوڵەت بتوانێ کارێکی وەها بکات) یان تا کاتی تەسلیمبوونی HDP (ئەویش زۆر بەدوورە) و بزووتنەوەی کورد بەردەوام دەبێت. دەوڵەت دەیهەوێ HDP لە مەیدانی سیاسەت وەلا بنێ. سەرەڕای ئەمە، HDP سوورە کە سیاسەتەکانی خۆی تا ئەو جێیەی بۆی دەرەخسێ و بە هەر شێوەیەک درێژەیان پێ بدا.

## ئەنجام

ئەم وتارە سیاسەت و کارکردی بزووتنەوەی کوردی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا شەنوکەو کرد تا بەو ئاکامە بگات کە بۆچی دەوڵەتی تورکیە و بزووتنەوەی کوردی نەیانتوانی بەسەر ئەم قۆناغەدا زاڵ بن و لە بازنەی کێشەی دۆزی کوردان لە تورکیە خۆیان دەرباز بکەن. تیشک خستنە سەر چەمکی «ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیک» و بەرەوپێشچوونی نەتەوەسازی لەجیاتیی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕێگەی پێکهێنانی HDP و HDK و هەلومەرجی ئێستای بزووتنەوەی کوردان و پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆنی سیاسەت و کۆمەڵگای تورکیە بوو. پاش ٤٠ ساڵ شەڕ و ململانێی نێوان بزووتنەوەی کورد و دەوڵەتی تورکیە، هیچ نیشانەیەکی دیار لە ئاشتی ڕاستەقینە لەنێوانیاندا نییە.

من پێم وایە کە بە ڕواڵەت پرۆسەی ئاشتی نێوان بزووتنەوەی کورد و دەوڵەت لە ئاکامی گوشاری خەباتی کەجەکە لەجیاتی مەیلی دەوڵەت بۆ ئاشتییە. سەرەڕای هەنگاوی نادیار و داهاتووی ناڕوون، لەگەڵ هەموو سەختی و دژوارییەکان، سوور و پێداگر بوو کە خەباتی کوردان بە هەر شێوەیەک درێژەی هەبێت. بەم حاڵەشەوە، تێگەیشتنی دەوڵەت و پلانەکانی و هەروەها دەرک کردنی تەواوی چوارچێوەی خەبات لە لایەن دەورگێڕانی کوردەوە وەکو HDP و DBP ئێستاکە ئالنگاریی و کێشەیەکی گەورەیە. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەت لەوانەیە پاش هەموو ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، بیر لە خولێکی دیکەی وتووێژ بکاتەوە، بەتایبەت بە پێی کاریگەریی بارودۆخی سووریە و هێزەکانی کورد لەسەر تورکیە. سەرەڕای ئەمە، تاکو ئێستا دەوڵەت لەجیاتی مافی نەتەوەیەک لە نێوخۆی تورکیە، لە دەلاقەی ئاسایش و تێرۆریزمەوە مامەڵەی لەگەڵ دۆزی کورد کردووە. کەواتوو شەڕ و پێکدادانی پێشبینیکراو لە داهاتوودا هەر درێژەی دەبێت.

*. https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/19448953.2018.1497752

## پەراوێز


1. D. McDowall, A Modern History of the Kurds, I. B. Tauris, London, 2010; D. McDowall, The Kurds: A Nation Denied, Minority Rights Group, London, 1992.

2. K. Yildiz and M. Muller, The European Union

and Turkish Accession: Human Rights and the Kurds, Pluto Press, London, 2008.
3. McDowall, op. cit., 1992.
۴. بۆ یەکەم جار فەرهەنگنووس و توێژەر، ســەلاح پایانیانی لەبریی وشەی “challenging» دەکاری کردووە
5. N. F. Watts, Atavists in Office: Kurdish Politics and Protest in Turkey, University of Washington Press, Washington, DC, 2010.
6.J. Hutchinson, The Dynamics of Cultural Nationalism: The Gaelic Revival and the Creation of the Irish Nation State, Allen & Unwin, London, 1987.
7. DTK, Draft Submission for A Democratic Autonomous Kurdistan, Democratic Society Congress (DTK), DTK Publisher, Diyarbakir, 2011.
8. M. Castells, Networks of Outrage and Hope: Social Movements in the Internet Age, Polity Press, Cambridge, 2012.
9. P. K. Eisinger, 'The Conditions of Protest Behaviour in American Cities', The Journal of the American Political Science Review, 67(1), 1973, pp. 11–28.
10. S. Tarrow, 'Struggling to reform: social movements and policy change during cycles of protest', Journal of Western Societies Program Occasional Paper, 15, 1983, p.145-170.
11. M. N. Zald and J. D. McCarthy, Social Movement in an Organisational Society, Transaction, New Brunswick, NJ, 1987, p. 161.
١٢. هەمان سەرچاوە.
13.H. Cudi, A History of Fire, the Secret of the Struggle of Apoist Movement: An Interview with Cemil Bayik, PCDK Publisher, Kurdistan, 2008, p. 476.
14. A. Özcan, Turkey's Kurds: A Theoretical Analysis of the PKK and Abdullah Öcalan, Routledge, London, 2005.
15. H. A. Akkaya, From Denial to Insurgency: The PKK and the Reconstruction of the Kurdish Identity, Ghent University, Belgium, 2011, p. 2.
16. A. Öcalan, Manifestation of Democratic Civilization: Kurdish Question and Democratic Nation Solution, Trans. into Kurdish by Luqman Abdullah, Ranj Publisher, Iraq, 2013, p. 291.
17. R. Olson, The Kurdish Nationalist Movement in the 1990s: Its impact on Turkey and the Middle East, The University Press of Kentucky, Kentucky, 1996, p. 2.
18. A. Öcalan, Prison Writings II: The PKK and the Kurdish Question on the 21st Century, Transmedia Publishing, London, 2011.
19. Öcalan, Manifestation of Democratic Civilization, op. cit.
20. A. Öcalan, Manifestation of Democratic Civilization: The Issue of Transition of Capitalist Modernity and the Democratic Process, Trans. into Persian by Aras Kardox, Azadi Publisher, Europe 2009.
21. H. A. Akkaya and J. Jongerden, 'Reassembling the political: the PKK and the project of radical democracy', European Journal of Turkish Studies, 14, 2012 <http://ejts.revues.org/4615> (accessed 31 January 2013).
22. Castells, op. cit.
23. C. Cicek, The Kurds of Turkey, I. B. Tauris, London, 2017.
24. A. Öcalan, Prison Writings III: The Road Map to Negotiation, Mesopotamia Publisher, Europe 2011.
25. A. Öcalan, Prison Writings II: The PKK and the Kurdish Question on the 21st Century, Transmedia Publishing, London, 2011, p. 10.
26. Öcalan, Prison Writings III, op. cit., p. 50.
27. Castells, op. cit.
28. M. N. Zald and R. Ash, 'Social movement organisations: growth, decay, and change', Journal of Social Forces, 44(3), 1966, pp. 327–341.
29. Castells, op. cit.
30. Öcalan, Prison Writings II, op. cit.
31. Zald and Ash, op. cit.
32. S. Saeed, Kurdish Politics in Turkey: From the PKK to the KCK, Routledge, New York, 2017.
33. Author's interview with a senior member of the KCK in Iraqi Kurdistan in May 2016.
34. T. Köse, 'Identity dynamics of the June and November 2015 elections of Tukey: Kurds, Alevis and Conservative Nationalists', Insight Turkey, 17(4), 2015, pp. 105–123.
35.S. Demirtaş, Weekly speech in TBMM, 2015 <https://www.youtube.com/watch?v=FwKUBhyny8Y> (accessed 2 October 2017).
36. Author's interview with a Kurdish MP in Cizre in June 2015.
37. Author's interview with former co-chair of DBP Kamuran Yüksek in Brussels in December 2016.
38. Saeed, op. cit.
39. Hutchinson, op. cit.
40. Köse, op. cit.
۴١. هەمان سەرچاوە.
42. Author's interview with a senior member of the KCK in Iraqi Kurdistan in May 2016.